KOREK

## لە ئێران بە شای گەڕاندنەوەی لێدانەکانی سزا ناسراوە..

# گۆڵپارێزە کوردەکە نەیهێشت رۆناڵدۆ ببێتە یەکەم



ئ: رووداوی وەرزشی

دوێنێ لە دوانزدەم رۆژی مۆندیالدا، 4 یاری گرنگ بەڕێوەچوون، کە ناسنامەی سەرکەوتوو و دەرکردووەکانی هەردوو گرووپی یەکەم و دووەم ئاشکرابوون. لە گرووپی یەکەم ئۆرۆگوای بە بردنەوە لە رووسیا بە یەکەم و خاوەن ماڵیش بە دووەم سەرکەوتن. لە گرووپی دووەمیشدا ئیسپانیا بلیتی یەکەمی بردەوەو بلیتی دووەمیش بەر پورتوگال کەوت.

لە دوو یاری پڕ لە جۆش و خرۆشدا، مەغریبییەکان توانیان بە 2 گۆڵ لەگەڵ ئیسپانییەکان یەکسان بن، کە بەهۆی ئەو ئەنجامەوە ئەوەندە نەمابوو پورتوگال بە سەرکردایەتی کریستیانۆ رۆناڵدۆ ببێتە یەکەمی گرووپەکە، بەڵام گۆڵپارێزە کوردەکەی ئێران، عەلی رەزا بیرانوەند نەیهێشت ئەو ئاواتەی رۆناڵدۆ و هاوڕێکانی بێتەدی، کاتێک لە خولەکی 53دا لێدانێکی سزای رۆناڵدۆی گەڕاندەوە، لە کاتێکدا پورتوگال بە گۆڵێک لەپێش بوو. عەلی رەزا بیرانوەند، کە لە ئێران بە "شای گەڕاندنەوەی لێدانەکانی سزا" ناسراوە، بێجگە لەوەی بە گەڕاندنەوەی ئەم پێناڵتییەی رۆناڵدۆ بووە هۆکاری ئەوەی هەڵبژاردەکەی گۆڵی بەرامبەر بێنێتەوە، ئەرکی رۆناڵدۆ و هاوڕێکانیشی زۆر قورس کرد، چونکە بە پلەی دووەمی گرووپی دووەم سەرکەوتن و لە قۆناخی 16دا رووبەرووی ئۆرۆگوای یەکەمی گرووپی یەکەم دەبنەوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەوەندە نەمابوو لە دوایین خولەکی زیادکراودا، ئێران گۆڵی دووەم و بردنەوەش تۆمار بکات و پورتوگال و رۆناڵدۆ بە یەکجاری لە مۆندیال دەربکات.

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (504) سێشەممە 2018/6/26 5ی پووشپەڕ - 2718 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆ... ـانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## بەرازیل بە هێرشی کۆتینیۆ و بەرگری نەیمار مۆندیال دەباتەوە..

4



# 6 Stars

## RUSSIA 2018

**سێشەممە 26/6/2018**

| کات | | |
|---|---|---|
| 05:00 | دانیمارک | فەرەنسا |
| 05:00 | ئوستراليا | پیرۆ |
| 09:00 | نایجیریا | ئەرجەنتین |
| 09:00 | ئایسلەندا | کرواتیا |

**چوارشەممە 27/6/2018**

| کات | | |
|---|---|---|
| 05:00 | کۆریای باشوور | ئەڵمانیا |
| 05:00 | مەکسیک | سوێد |
| 09:00 | سێربیا | بەرازیل |
| 09:00 | سویسرا | کۆستاریکا |

**پێنجشەممە 28/6/2018**

| کات | | |
|---|---|---|
| 05:00 | پۆلەندا | ژاپۆن |
| 05:00 | سەنیگال | کۆلۆمبیا |
| 09:00 | ئینگلتەرا | بەلجیکا |
| 09:00 | پەنەما | تونس |



## ئەمشەو لیۆ لەبەردەم تاقیکردنەوەی چارەنووسدا..

# مێسی کێشە گەورەکەی ئەرجەنتینە

3

راستەوخۆ ئاگاداری رووداوەکانی جامی جیهانی 2018 بە!
ئێستا ئەپڵیکەیشنی کاپتن کورەك دابەزێنە
بۆ وەرگرتنی ماوەی تاقیکاری بەخۆڕایی!

Available on the App Store
Google play
Captain KOREK
korektel.com
411
KOREK Telecom

KOREK Telecom

## زیدان نمایشکرا




رۆژی یەکشەممەی رابردوو، کتێبی «زیدان، لە باوەشی مافیاوە بۆ ریزی ئەفسانەکان»، لە هەولێر بڵاوکرایەوە. کتێبەکە تایبەتە بە ژیانی زەینەدین زیدانی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسا، کە لەلایەن ئەرسەلان عەبدوڵڵای رۆژنامەڤان و بێژەری تۆڕی میدیایی رووداو، کاری وەرگێڕانی بۆ کراوە. ئەو کتێبە، کە لە 192 لاپەڕە پێکهاتووە، بە هاوکاری شاری یاری سمایلاند، بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک وەرزشوان و راگەیاندنکاری وەرزشی، لە هۆڵی یاری بۆڵینگ لە بازاڕی تابلۆمۆڵ نمایشکرا. کتێبەکە بە دیزاین و بە کۆمەڵێک وێنەی رەنگاورەنگەوە لەلایەن ناوەندی رۆشنبیریی ئەدیبان لە سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

### سۆزی دڵشاد، یاریزانی پایسکیلسواری هەڵبژاردەی عێراق:

# یاری پایسکیلسواری لە کوردستان دواکەوتووە



«یەکەمی قۆناخی یەکەمی پاڵەوانیەتی پایسکیلسواری ئەمساڵی عێراقم»




**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - سلێمانی**

دوو کچە پایسکیلسواری سلێمانی، پرۆژەیەک بە ناوی «پایسکیلسواری بۆ هەمووان» دەکەنەوە، بەمەبەستی ئاشناکردنی ئەم وەرزشە بە خەڵکی کوردستان. سۆزی دڵشاد، کە یەکێک لەو دوو یاریزانانەیە، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئامانجمان لە کردنەوەی ئەم پرۆژەیە، پێشخستنی وەرزشی پایسکیلسوارییە، دەمانەوێ کچان بێنینە نێو ئەم وەرزشە و چەندین یاریزان بۆ ئەو یارییە پێبگەیەنین».

نیان یاسین و سۆزی دڵشاد، دوو کچە یاریزانی پایسکیلسواری شاری سلێمانین، هەردووکیان خاوەن چەندین مەدالیای جۆراوجۆرن لە یاری پایسکیلسواری، ماوەی چەند مانگێکە پرۆژەیەکیان کردووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانن پایسیکسواری بە هەموو لایەک ئاشنا بکەن و خەڵک ئارەزووی لێخوڕینی پایسکیلسواری هەبێ.

سۆزی دڵشاد، کچە یاریزانی پایسکیلسواری هەڵبژاردەی عێراق، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئەو پرۆژەیەمان یەکەم پرۆژە نییە، پێشووتریش لە شاری سلێمانی کردوومانەتەوە، ئەمەی هەولێر پرۆژەی دووەممانە، کە لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان کردوومانەتەوە».

سۆزی روونکردنەوەی زیاتری لەسەر ئەو پرۆژەیە داو گوتی «لەم پرۆژەی پایسکیلسواری بۆ هەمووان، هەموو خەڵکیک دەتوانێت رۆژانە بێت بەشدار بێ و پایسکیل لێبخوڕێت، ئامانجی ئێمە ئاشناکردنی ئەم وەرزشەیە بە خەڵکی کوردستان، کە بێن وەک وەرزشەکانی دیکە ئەنجامی بدەن لەنێو شەقام و پارکی شارەکان و لەسەر رێگاو بانەکان، ئەم پرۆژەیە بۆ هەموو تەمەنێکە». لەبارەی چالاکی خۆیشی لە پێشبڕکێی پایسکیلسواری عێراق، سۆزی گوتی «یەکێتی پایسکیلسواری عێراقی تووشی کێشە بووەو یەک قۆناخ ئەنجام دراوە، منیش پاڵەوانی عێراق بوومە لە قۆناخی یەکەم بەهۆی ئەم گرفتەوە قۆناخەکانی دیکە دیاری نەکراون».

هەروەها گوتیشی «یاری پایسکیلسواری لە کوردستان بەتایبەت و عێراق بەگشتی دواکەوتووە، ئەویش بەهۆی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی و ئۆلۆمپی کوردستانە، کە هاوکاری بەرپرسانی وەرزشی و پاڵپشتی باشیان ناکەن، بۆ ئەوەی پاڵەوانیەتی بکەنەوە بەشداری بە یاریزانان بکەن لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەدا، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی یاریزانان کەم ببنەوە، ئەوانەی ماویشن ساردبوونەتەوە».

لەبارەی بەشداریکردنیشی لە پاڵەوانیەتییەک، کە لە ئیتاڵیا ئەنجام دەدرێت، سۆزی گوتی «بڕیارە لە مانگی ئابی داهاتوو بەشداری لە پاڵەوانیەتی دۆلەمیتری بکەین، کە نێودەوڵەتییە و هەموو ساڵێک لە ئیتاڵیا بەڕێوەدەچێت و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی بەشدار دەبن، ساڵی رابردووش بەشداربووم و بە ئەنجامی باش هاتمەوە».

هەروەها گوتیشی «دەمەوێ لەسەر ئاستی ئاسیا مەدالیای زێڕ یان زیو بەدەستبێنم، کە ئەوە بۆ من شەرفێکی گەورەیە».

### پێشتر 2 ریکۆردی بە ناوی خۆی کردووە..

# کوردێک دەیەوێ 4 ریکۆردی گینس بە ناوی خۆی بکات




**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - دهۆک**

جەرجیس رەشید، یاریزانی شناولێدان و خاوەن 2 ریکۆردی گینس، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند بەنیازە لە داهاتوویەکی نزیکدا 2 ریکۆردی دیکەی جیهانی بشکێنێت و گوتی «هیچ کەسێک هاوکاری نەکردوومە، ئەمجارە سوپرایزم هەیە بۆ ئەو کەس و لایەنەی هاوکارم دەبێت».

جەرجیس رەشید، جارێکی دیکە چانسی خۆی تاقیدەکاتەوە بۆ شکاندنی 2 ریکۆردی دیکەی جیهانی، کە تاکە یاریزانی کوردە بتوانێت لە ماوەی 2 ساڵدا 2 ریکۆردی جیهانی بشکێنێت، ئەمجارە لە تورکیا دەچێتە نێو کێبڕکێیەکانی پەرتووکی گینسی نێودەوڵەتی

جەرجیس رەشید: ئەمجارە دەمەوێ لە دەستی خێرا و شناولێدان ریکۆرد بشکێنم

بۆ ژمارە پێوانەییەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت لەم پێشبڕکێیەدا 2 نازناوی دیکە بە ناوی خۆی تۆماربکات. جەرجیس رەشید، کوڕە کوردی دانیشتووی پارێزگای دهۆک، تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) گوتی «ئێستا لە ئامادەکاری بەردەوامم بۆ ئەوەی بەشداری لە 2 پێشبڕکێی جیهانی بکەم لە تورکیا، کە بڕیارە ئەم پێشبرکێیە لەدوای تەواوبوونی یارییەکانی مۆندیال و پاش گەیشتنی لیژنەی ئامادەکاری پەرتووکی گینس بۆ تورکیا، دەستپێبکات». ئەو هەروەها گوتی «سەرەتا لەلایەن لیژنەکەوە تاقی دەکرێمەوە، ئینجا بەشداری لەو چالاکییەیاندا دەکەم، کە لەوانەیە لە شاری ئیستەنبۆل یان ئەنتالیا بەڕێوەبچێت. من وەک تاکە یاریزانی کورد لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق بەشداری دەکەم، کە خاوەن 2 ریکۆردم لە ساڵی رابردوو لە ئیمارات».

جەرجیس رەشید، گوتیشی «هەلێکی باشم لەبەردەستە بۆ ئەوەی 2 ریکۆردی دیکەش بەناوی خۆم بکەم، کە ئەمساڵیش لە خێراترین دەست و شناولێدان بەشداری دەکەم، دەمەوێ ببمە تاکە کورد لەسەر ئاستی جیهاندا خاوەنی 4 ریکۆردی گینس بم».

ئەو وەرزشوانە کوردە، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ساڵی رابردوو 50 هەزار دۆلاری لە گیرفانی خۆی خەرجکردووەو کەس هاوکاری نەکردووە «ئەمساڵ تاوەکو ئێستا نزیکەی 10 هەزار دۆلارم سەرفکردووەو 20 هەزاری دیکەشم دەوێ. تاوەکو رۆژی پێشبرکێیەکە هەر کەس و لایەنێک بیانەوێ ببنە سپۆنسەرم، بە ناوی ئەوان بەشداری دەکەم، ئەگەرنا سوپرایزم دەبێت».

### تاوەکو ئێستا سێ مەدالیای بەدەستهێناوە..

# کۆڤان حەسەن 2 ریکۆردی بە ناوی خۆی تۆمارکرد




**رووداوی وەرزشی - تونس**

کۆڤان حەسەن، یاریزانی کوردی پارائۆلۆمپی، تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند، لە پاڵەوانیەتی گراندی نێودەوڵەتی لە تونس 3 مەدالیای بەدەستهێناوەو 2 ریکۆردی تازەی شکاندووەو گوتی «هەوڵدەدەم ریکۆردی دیکەش بەدەستبێنم».

کۆڤان حەسەن، یاریزانی نێودەوڵەتی یارییەکانی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت، لەگەڵ هەڵبژاردەی پارائۆلۆمپی عێراق، وەک تاکە یاریزانی کورد لە تونس بەشداری لە پاڵەوانیەتی گراندی نێودەوڵەتی کرد و ئاست و دەستکەوتی باشی بەدەستهێنا.

لەو پاڵەوانیەتییەدا، کە زیاتر لە 28 وڵات لە ئاستی جیاجیا بەشدارن و کۆڤان حەسەن یاریزانی کوردی قەزای ئاکرێ لە هەریەک لە یارییەکانی هاوێشتنی رم و پارسەنگ و قورسایی بەشدارە، لە یەکەم رۆژی پاڵەوانیەتییەکەدا 2 ریکۆردی تازەی شکاند، کۆڤان حەسەن بە (رووداوی وەرزشی) گوت «خۆشحاڵم کە لە تونس وەک تاکە یاریزانی کورد لە ریزی هەڵبژاردەی پارائۆلۆمپیی عێراقی، بەشداری لە پاڵەوانیەتی گراندی نێودەوڵەتی دەکەم». هەروەها گوتی «لە یەکەم بەشداریکردنم توانیم لە هەڵدانی دیسک بۆ یەکەمجار لە هاوێشتنی دیسک ژمارەی پێوانەیی تۆمار بکەم، کە پێشووتر ئەو رێکۆردەم پێ نەشکاوە، سوپاس بۆ خوا بەدەستم هێنا».

هەروەها گوتیشی «جگە لە دیسک، لە هاوێشتنی سوقلیش ئەنجامم هەبووە، 3 مەدالیام بەدەستهێناوە، جگە لەوەش لە هاوێشتنی رمیش دەمەوێت ئەنجامی گەورە بەدەستبێنم».

زاهیر رەشید، سەرۆکی لیژنەی پارائۆلۆمپی کوردستان، وێڕای پیرۆزبایی‌کردن لە کۆڤان حەسەن، گوتی «جارێکی دیکە کۆڤان حەسەنی پاڵەوانی نێودەوڵەتی کورد، پێشمەرگە ئاسا وەک هەمیشە دەستکەوتێکی دیکەی وەرزشی لە هەگبەی سەرکەوتنەکانی خۆی زیادکرد». زاهر رەشید هەروەها گوتیشی «ئەم دەستکەوتە لە کۆڤان و سەرجەم وەرزشوانانی کورد پیرۆز بێت، هیوادارم لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو دەستکەوتەی ئەو پاڵەوانە لەبەرچاو بگرن و ئاوڕێکی جددی لە وەرشوانانی خاوەن پێداویستی تایبەت بدەنەوەو هاوکاری لیژنەی پارائۆلۆمپی کوردستان بکەن».

سەرۆکی لیژنەی پارائۆلۆمپی کوردستان:
هەقە ئاوڕێکی جددی لە یاریزانانی خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێتەوە

تەنها بۆ تۆ
ئۆفەری نایابی کورەك

KOREK Telecom




مەهێڵە هیچ نامەیەکی (کورەك)ت لەدەستبچێ...
بەردەوام نامەی وەرگیراوت بخوێنەوە بۆ ئەوەی سوودمەندبیت
لە ئۆفەری ناوازە.

پەیوەندی بکە بە #234* بۆ زانینی دواهەمین ئۆفەری تایبەت
و داشکاندن و باڵانسی ماوەی ئۆفەرەکان.

411
korektel.com

KOREK Telecom



## وازی لێناهێنێت

رۆژنامەی میترۆی ئینگلیزی بڵاویکردەوە، سێرجیۆ رامۆسی ئیسپانی قەیرانەکەی لەگەڵ محەممەد سەلاح، ئەستێرەکەی لیڤەرپوول تازەکردەوە، لە میانی ئاهەنگگێڕان بە دەرچوونی ئەو یاریزانەی میسر لە مۆندیالدا. رۆژنامەکە نووسیویەتی «رامۆس، کە بە توندی وەڵامی ئەو تۆمەتانەی دایەوە، گوایە بەئەنقەست سەڵاحی تووشی پێکان کردووە، بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو وێنەیەکی سەڵاحی، لەسەر ئەژماری خۆی لە ئینستاگرام بڵاوکردەوە، کە خەمبارییەکی زۆری دۆڕان بە رووی باشترین یاریزانی پریمەرلیگەوە دیارە». هەروەها نووسیویەتی «پێدەچێت دوای بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیە، رامۆس بەر هێرشێکی توند کەوتبێت، بۆیە وێنەکەی سڕییەوە».

### ئەمشەو لیۆ لەبەردەم تاقیکردنەوەی چارەنووسدا..

# مێسی کێشە گەورەکەی ئەرجەنتینە



**ئا: ئیحسان تاهیر**

ئەمشەو، لیۆنێل مێسی ئەستێرە و کاپتنی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویدایە، کە بەهۆیەوە چارەنووسی خۆی لەگەڵ ئەرجەنتینییەکان یەکلایی دەکاتەوە، کە خەریکە لێیهەڵدەگەڕێنەوە، تا ئەو رادەیەی زۆر لە شرۆڤەکار و چاودێرانی ئەرجەنتین، ئەو بە کێشە سەرەکییەکەی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین دادەنێن.

مێسی، کە لەم مۆندیالەدا نەک هەر نەیتوانیوە رابەرایەتی تانگۆ بکات بۆ پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز و نیشاندانی تیپەکە وەک پاڵێوراوێکی نازناوەکە، بەڵکو نەیتوانیوە لە 2 یارییدا لە خاڵێک زیاتر بەدەستبێنێت و خۆیشی هیچ گۆڵی نەکردووەو لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەدایە بۆ دەرچوون لە قۆناخی کۆمەڵەکان، مەگەر ئەمشەو لە بەرامبەر نایجیریادا ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و بە ئەنجامێکی گەورە لە نایجیریا بباتەوەو بلیتێکی قۆناخی 16 بەدەستبێنێت.

ئەرجەنتین بە رابەرایەتی مێسی، لە 2 یارییدا 1 خاڵی هەیە، ئەمشەو پێویستی بەوەیە ئایسلەندا لە بەرامبەر کرواتیا بدۆڕێت یان یەکسانبوون بەدەستبێنێت و مێسی و هاوڕێکانیشی لە نایجیریا ببەنەوە، بۆ ئەوەی چارەنووسی رەشی خۆیان لەدەست ئەرجەنتینییەکان رزگار بکەن. یاخود ئەگەر ئایسلەندا لە کرواتیاش بباتەوە، ئەرجەنتین پێویستە بە گۆڵێکی زیاتر لەو ئەنجامەی ئایسلەندا لە نایجیریا بباتەوە.

ئەرجەنتینییەکان، کە سەردەمێک زۆریان گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە مێسی ئەگەر لە مارادۆناش باشتر نەبێت، هیچی لەو کەمتر نییە، بەڵام ئێستا لەو بۆچوونەیان پەشیمان بوونەتەوەو پێیانوایە ئەو نەک هەر نەیتوانیوە وەک مارادۆنا بە تەنیا جامی مۆندیال بۆ ئەرجەنتین بباتەوە، بەڵکو خۆی هۆکاری پاشەکشەکردنی ئاستی تانگۆیە، بەهۆی ئەو گیانی بێباکی و ئەو رۆڵە دیکتاتۆرییەی ئەو لەگەڵ هەڵبژاردەکەیدا دەبینێت.

ریکاردۆ کارۆز لۆمباردی، کە راهێنەرێکی ناسراوی ئەرجەنتینییە، وەسفی ئەو دیمەنەی مێسی دەکات و راشکاوانە دەڵێت «پێویستە یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتینی مێسی لە هەڵبژاردەی ئەرجەنتین دەربکات». ئەو پێیوایە تاوەکو مێسی دەرنەکرێت هەڵبژاردەی ئەرجەنتین هاوسەنگی خۆی بەدەست ناهێنێتەوە، چونکە وەک خۆی دەڵێت «مێسی هەمیشە دەیەوێ ئەو یاریزانانە لە دەوری بن کە خۆشیانی دەوێن، نەک ئەو یاریزانانەی کە ئاستێکی بەرزیان هەیە».

ئەو راهێنەرە ئەرجەنتینییە بەوەندەش راناوەستێت و دەڵێت «مێسی لەم مۆندیالەدا بەئەنقەست یاری ناکات، بۆ ئەوەی خۆرخێ سامپاولی راهێنەر دووربخرێتەوە». هەروەها دەشڵێت «چەندین ساڵە مێسی کێشەو ناسەقامگیری خستووەتە نێو هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، ئەو تاوەکو ئێستا 7 راهێنەری دوورخستووەتەوە».

> «مێسی هۆکاری دوورخستنەوەی 7 راهێنەری هەڵبژاردەی تانگۆیە»

زۆر لە چاودێرانی دیکەی ئەرجەنتینیش راشکاوانە رایانگەیاند مێسی گەورەترین کێشەی ئەرجەنتینەو داوا دەکەن لە هەڵبژاردەی ئەرجەنتین دووربخرێتەوە. یەکێکیان دەڵێت «مێسی خراپترین یاریزانی ئەرجەنتینییە لەم مۆندیالەدا». یەکێکی دیکەش دەڵێت «سەیری کریستیانۆ رۆناڵدۆ بکەن، چۆن رۆڵی سەرکردایەتی دەبینێت لەگەڵ هەڵبژاردەکەی». یەکێکی دیکەش دەڵێت «مێسی سیفاتەکانی سەرکردایەتی تێدا نییە».

ریکاردۆ کارۆز لۆمباردی، زیاتر هێرش دەکاتە سەر مێسی و دەڵێت «مێسی بایەخ بە هیچ شتێک نادات، بەو شێوەیە یاری دەکات کە خۆی دەیەوێت، هەروەها ئەو دەیەوێ لە هەڵبژاردەکەدا تەنیا ئەو یاریزانانە هەبن کە خۆی دەیەوێن نەک راهێنەر».

### ئەرجەنتینییەکان: مێسی بێباک و دیکتاتۆرە

ئەمشەو لیۆنێل مێسی لەبەردەم تاقیکردنەوەی چارەنووسدایە، یاخود بەیەکجاری خۆشەویستی و پشتگیری ئەرجەنتینییەکان لەدەستدەدات و لەمەودوا تەنیا وەک کەتەلۆنییەک سەیری دەکەن، نەک ئەرجەنتینی، یاخود جارێکی دیکە دەتوانێت متمانەی ئەرجەنتینییەکان بەدەستبێنێتەوەو هیوای بردنەوەی نازناوەکە بۆ خۆی و وڵاتەکەی بگەڕێنێتەوە.

> «ئەگەر ئەمشەو تانگۆ نەباتەوە لەمەودوا ئەرجەنتینییەکان وەک کەتەلۆنییەک سەیری مێسی دەکەن»

### پلانی تیرۆریستان بۆ تێکدانی مۆندیال پووچەڵ کرایەوە..

# بن لادن دەیویست بێکهام تیرۆر بکات



> «پلانەکە وابوو سیمانی گۆڵپارێز بە پشتێنەی تی ئێن تی بەتەقێنێتەوە بێکهامیش بە نارنجۆک بکوژرێت»

**رووداوی وەرزشی ـ The Sun**

رۆژنامەی The Sunی بەریتانی، بە گواستنەوەی لە ئاژانسی ESPN تەلەڤزیۆنی و گواستنەوەی لە کتێبی (تۆقین لە یاریگە)ی رۆژنامەنووسی بەناوبانگ ئادەم رۆبینسۆن، کە بیرەوەرییەکانی تاکێکی رێکخراوی ئەلقاعیدەی بەدەست کەوتووە رایگەیاند، رێکخراوی ناوبراو بەنیاز بوو داڤید بێکهام، ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا، لە مۆندیالی فەرەنسا 1998، لە کاتی بەڕێوەچوونی یاری تونس و ئینگلتەرا تیرۆر بکات.

ئاژانسەکە ئاماژە بەوە دەکات، رێکخراوی ئەلقاعیدە نەیدەویست تەنیا بێکهام تیرۆر بکات، بەڵکو چەندین ناوی دیکەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا، ناویان لە لیستی تیرۆکردنی رێکخراوەکە هاتبوو وەک داڤید سیمان، گۆڵپارێزی ئەوکات، مایکل ئۆوین و ئالان شیرەر.

ئاژانسەکە ئەو پلانە ئاشکرا دەکات، کە رێکخراوی ناوبراو بەنیاز بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو تیرۆرکردنانە پەیڕەوی بکات و گوتی «ئۆسامە بن لادنی سەرۆکی قاعیدە، داوای لە یاریدەدەرەکانی کردبوو، چاودێری جوولە و کردەوەکانی داڤید بێکهام و مایکل ئۆوین بکەن، لەو کاتەی چەند کەسێکی دیکە، هەڵسن بە تەقاندنەوەی داڤید سیمان، وەک هێمایەک بۆ تاکەکانی رێکخراوەکە، بە ئەنجامدانی تەواوی پلانەکە، بە تیرۆرکردنی بێکهام و ئۆوین». هەروەها ئاژانسی ناوبراو دەشڵێت «جێبەجێکردنی پلانەکە وابوو، 3 کەس لە ئەندامانی رێکخراوەکە، بە ماوەی 20 چرکە هەڵبکووتنە سەر یاریگە، یەکێکیان پشتێنە پڕ تەقەمەنییەکەی پشتی لە تەک سیمان بتەقێنێتەوە، دووەم نارنجۆکێک هەڵداتە نێو شوێنی یەدەگەکان، ئەو شوێنەی کە بێکهامی لێبوو، سێیەمیش تەقە لە شیرەر بکات و پاشانیش تەقە لە پەیژەکانی یاریگە بکات».

# سۆن بۆ خۆی گریاوە نەک وڵاتەکەی



**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

هیۆنگ مین سۆن، بەرگریکاری هەڵبژاردەی کۆریای باشوور و یانەی تۆتێنهامی ئینگلیزی، لەدوای تەواوبوونی یاری وڵاتەکەی لەگەڵ مەکسیک، بە فرمێسکەکانی هەموو سەرنجەکانی بۆ لای خۆی راکێشا، کە زۆربەی خەڵک پێیانوابوو سۆن بۆ وڵاتەکەی دەگرییێت، بەهۆی دەرچوونی لە مۆندیال، بەڵام دواتر دەرکەوت فرمێسکەکانی بۆ خۆی بوونە نەک وڵاتەکەی. راپۆرتە رۆژنامەڤانییەکان، ئاشکرایانکرد کە سۆنی تەمەن 25 ساڵان بۆ خۆی گریاوە نەک وڵاتەکەی، چونکە لە کۆریای باشوور یاسایەک هەیە، هەر یاریزانێکی پیشەگەر لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یان ئەو یانە بیانییەی یاری بۆ دەکات دەستکەوتێک بەدەستبێنێت، لە خزمەتی سەربازی دەبەخشرێت، گەیشتن بە قۆناخی 16ی مۆندیالیش بە دەستکەوت هەژمار دەکرێت، بۆیە سۆن نەیتوانی لە خزمەتی سەربازی رزگاری بێت، لەبەرئەوە بۆ حاڵی خۆی گریاوە. لە کۆریای باشوور هەر وەرزشوانێک ئەگەر مەدالیا و نازناوێک نەباتەوە تاوەکو تەمەنی دەبێتە 28 ساڵ، پێویستە خزمەتی سەربازی بکات، بەڵام ئەگەر توانی بەدەستبێنێت، لە خزمەتی سەربازی دەبەخشرێت و تەنیا 4 هەفتە بەشێوەیەکی رەمزی خزمەتەکە دەکات.

سۆن، هێشتا 3 ساڵ درەفەتی لەپێش ماوە، ئەگەر لەگەڵ تۆتێنهام نازناوێک بباتەوە، یاخود لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی نازناوێک لەسەر ئاستی ئاسیا بباتەوە، لە خزمەتی سەربازی رزگاری دەبێت.

### گۆڵپارێزە کوردەکە نۆیەم باشترین گۆڵپارێزی جیهانە..

# عەلی رەزا بیرانوەند لەنێو TOP TENی جیهاندایە



> «لە ئێران بیرانوەند بە پاشای گەڕاندنەوەی لێدانەکانی سزا دادەنرێت»

**ئا: رووداوی وەرزشی**

لە هەنگاوێکی لەناکاودا بۆ هەندێ کەس، گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئێران، عەلی رەزا بیرانوەند، کە کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، لە پلەی نۆیەم هات، لەنێو لیستی باشترین گۆڵپارێزەکانی جیهاندا، ئەوەی جیانلویجی بۆفۆنی ئیتاڵی پلەی یەکەمی گرتووە، دوای ئەویش مانوێل نوێر ئەڵمانی، گۆڵپارێزی بایرن میونش دێت. لە پلەی سێیەم کەیلۆر ناڤاسی کۆستاریکی، گۆڵپارێزی ریال مەدرید دێت.

پرسیارەکان لە بارەی عەلی رەزاوە ئەوەیە، ئەو گۆڵپارێزەی یانەی پێرسپۆلیسی ئێرانی بەم دواییە چی پێشکەش کردووە، تاوەکو لەنێو لیستی باشترین گۆڵپارێزەکانی جیهان بێت، وەڵامەکە لە خوارەوە بەدیار دەکەوێت.

بیرانوەندی تەمەن 25 ساڵان، بەلایەنی کەمەوە خاوەنی 95%ی ئەو فاکتەرانەیە، کە وایلێدەکەن، یەکێک لە باشترین گۆڵپارێزەکانی ئێستا بێت، نەوەک بەتەنیا لە ئاسیا بەڵکو لە سەرتاسەری جیهاندا.

### ● پێکهاتەی جەستەیی

لە رووی شێوەی جەستەوەوە، خاوەن باڵایەکی بەرزە کە گۆڵپارێز پێویستی پێیەتی، درێژی باڵای 195 سانتیمەترە، کە دەکاتە نزیکەی 6 پێ و 5 ئینچ، لەوەتەی بووەتە یاریزانی پیشەگەر، کێشی لە 85 کیلۆگرام رەتی نەداوە، ئەوەش زۆر یارمەتی دەدات، پارێزگاری لە لێهاتوویی جەستەی بکات، کە زۆر کەس پێی سەرسامن.

### ● گەڕاندنەوەی پەرجووانە

ئەو گۆڵپارێزە کوردە، کە سەرەتای کاروانی وەرزشی لەگەڵ یانەی نەفت تەهران و پاشان یانەکەی ئێستای پێرسپۆلیس بوو، لە تۆماری خۆیدا چەندین گەڕاندنەوەی هەیە، کە دەکرێ بە پەرجوو وەسفیان بکرێت، بەهۆی خێرایی پەرچەکردار، جوولەی سووک و باشی وەستانی بەرامبەر گۆڵەکەی و لەنێو هێڵی سزا، وایلێکردووە بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ تۆپی ئەستەم و گۆڵی سەد لەسەد بکات و لێنەگەڕێت، تۆڕی گۆڵەکەی بهەژێنن.

### ● جەنگاوەرە

بیرانوەند خاوەن کەسایەتییەکی جەنگاوەرە، کە بۆ شوێنی گۆڵپارێزیی زۆر پێویستە، چونکە بەردەوام پاڵی پێوەدەنێت تۆپ وەرگرێت، ترسی پێکان و نیگەرانیش لە پێکانەکانی لێ دووردەخاتەوە، کە لەوانەیە لە ئاکامی خۆی هاویشتنی بەڕووی هێرشبەران، بۆ وەرگرتنی تۆپ و پاراستنی گۆڵەکەی، تووشی ببێت.

### ● دورستکەری یارییە

لەتەک ئەوانەدا، ئەو گۆڵپارێزە کوردە، خاوەن هێزێکی تەقینەوەی گەورەیە لە دەستیدا، کە وایلێکردووە ببێتە خاوەنی هاوێشتنەری دوورترین پاس بە دەست، بە گوێرەی دەستنیشانکردنی رۆژنامەی میرۆری ئینگلیزی، کە پێشتر راپۆرتێکی لەسەر عەلی رەزا ئامادەکردووە، بەهۆی ئەو پاسەی کە بە ناوزاە وەسفیان کردووە و توانای لەسەر بەکارهێنانی، بۆ دروستکردنی گۆڵ بۆ تیپەکەی.

### ● یاریپێکەرێکی باشە

بەهرەی گۆڵپارێزەکان بە زۆری لەدەستیان دایە، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی تۆپی پێ، وا پێویست دەکات، گۆڵپارێزی تیپەکەت بە دەست و قاچەکانی بەهرەمەند بێت، تاوەکو بتوانێت لەسەر یاریگە وەکو هاوتیپەکانی یاری بکات، بتوانێت پاسی ورد و باش بدات، یاری بە یاریزانان بکات، کە هەندێ کات پێویست دەکات ئەمە بکات، ئەوانەش هەموو لە عەلی رەزادا هە یە.

### ● پاشای لێدانەکانی سزایە

بیرانوەند بێجگە لەو سیفەتانەی باسمان کرد، لە مامەڵەکردن لەگەڵ لێدانەکانی سزای یەکلاییکەرەوەش بەتوانایە، ئەو سیفەتەش لە بەشێکی زۆری گۆڵپارێزەکان بەدی ناکرێت، بە درێژایی مێژوو گۆڵپارێزی زۆر باش هەبووینە، بەڵام کێشەیان لەگەڵ لێدانەکانی سزا هەبووەو نەیتوانیووە بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.



**نادیارە**

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی، ئاشکرایکرد چارەنووسی گاریس بەیلی ئەستێرەی وێلزی لەگەڵ یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی نادیارە، چونکە بەیل داوا لە جۆلین لۆپیتیگی ڕاهێنەری نوێ دەکات بەشێوەی سەرەکی یاری پێبکات و هەمان مامەڵەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەمی ریال مەدریدی لەگەڵ بکات. بەپێی ئەو ڕۆژنامەیە چارەنووسی بەیل دیار نییە، چونکە زەحمەتە لۆپیتیگێ بۆ ئەو قوربانی بە ئیسکۆ بدات، کە یاریزانی خۆی بوو لە هەڵبژاردەی ئیسپانیا و متمانەیەکی زۆری بە تواناکانی هەیە».

# سارکۆپینیا یان (کەم بوونەوەی ماسولکە) چییە؟

**ئا: میوا ئەحمەد رەحیم***



سارکۆپینیا واژەیەکی گشتییە و بەکاردێت بۆ ئەو دیاردەی کە لەگەڵ ڕۆیشتنە سەرەوەی تەمەندا دەردەکەوێت. ئەم دیاردەیەش بریتییە لە کەمبوونەوەی شانە ماسولکەییەکان و لەدەستانی توانا و فەرمانەکانی ماسولکە پەیکەر.

کەمبوونەوەی شانە ماسولکەییەکان دەبێتە هۆی لەدەستدانێکی بەرە بەرەیی هێزی ماسولکەکان و سەرئەنجام کارایی جەستە کەمدەبێتەوە. کەم ماسولکەیی کۆمەڵێک نیشانەی تەندروستی بەدوای خۆیدا دێنێت، کە ژیانی کەسانی بە ساڵاچوو دەخاتە مەترسییەوە، چونکە لەگەڵ ڕۆیشتنە سەرەوەی تەمەن مەترسی کەوتن، شکانی ئێسکی ران، کەمبوونەوەی ماددەی کانزایی ئێسکەکان زیاتر دەبێت و هەروەها توانایی جەستەیی مرۆڤ کەم دەبێتەوە.

لە تەواوی کەسەکاندا بەهۆی ڕۆیشتنە سەرەوەی تەمەن روودەدات، بەڵام هۆکاری دیکەش هەن کە دەتوانێت ئەم پرۆسەیە پێش بخات، لەوانە ئەنجام نەدانی چالاکی جەستەیی، رجێمی خۆراکی ناتەندروست و نەخۆشییە ماوە درێژەکان.

بەساڵاچوون هاوکاتە لەگەڵ کەمبوونەوەیەکی زۆری شانە ماسولکەییەکان، گەشەی ماسولکەکان لە تەمەنی 30 ـ 35 ساڵی دەگاتە لوتکەی خۆیی و دواتر بەرەبەرە کەمدەبێتەوە. لەدوای تەمەنی 30 ساڵی قەبارەیی شانە ماسولکەییەکان بەیۆیەیەکی مام ناوەند 1%ی هێزی خۆیان لەدەستدەدەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە تەمەنی 55 ساڵی تاوەکو 75 ساڵی ساڵانە 3%ی هێزی شانە ماسولکەییەکانیان لەدەستدەدەن.

لە مرۆڤدا ژمارەیەکی زۆر لە دەمارەخانە هەن کە شەپۆلە کارەباییەکان دەگەیننە ریشاڵە ماسولکەییەکان، کەمبوونەوەی ئەم دەمارەخانانەش بە چوونە سەرەوەی تەمەن گۆڕانکاری دیکە بە شوێن خۆیدا دەهێنێت و لەوانە کەمبوونەوەی قەبارەی ریشاڵە ماسولکەییەکان، کەمبوونەوەی وزەی زیندەکرداری و سوڕی خوێن و هەروەها درەنگکەوتنی توانای چاکبوونەوەو دروستبوونەوەی شانە پێکراوەکان.

کەم ماسولکەیی لە دەیەکانی چوارەمی ژیاندا دەست پێدەکات و لە تەمەنی 75 ساڵیدا تەشەنە دەسێنێت. ئەم پرۆسەیە



«کەم ماسولکەیی لە دەیەکانی چوارەمی ژیاندا دەستپێدەکات و لە تەمەنی 75 ساڵیدا تەشەنە دەکات»

### کەمبوونەوەی ماسولکەو چالاکی وەرزشی

هەروەک ئاماژمان پێدا یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەم دیاردەیە خێراتر دەکات نەبوونی چالاکی جەستەیی و وەرزشە. توێژینەوەکان گەواهی ئەو راستییە دەدەن، کە ئەو بە ساڵاچووانەی بەردەوامن لە ئەنجامدانی وەرزش و چالاکی جەستەیی، بە بەراورد بە هاوتەمەنیانی خۆیان هێز و قەبارەیەکی ماسولکەیی باشتریان هەیەو لە ڕوویی دەروونی و جەستەییەوە باشترن.

باشترین جۆری وەرزش بۆ ڕێگریکردن و تەنانەت پێچەوانە کردنەوەی ئەم دیاردەیە بریتییە لە (راهێنانەکانی ئاسن): ئەم جۆرە یارییە کاریگەرییەکی ئەرێنی دەبێت لەسەر سیستەمی کۆئەندامی دەمار و ماسولکە، چڕی هۆرمۆنەکان و شێوازی دروستکەرە کرداری پرۆتین. یەک بەرنامەی راهێنانی ئاسن دەتوانێت گرژبوونەکانی جوولە دمارو چالاکبوونی ریشاڵە ماسولکەییەکان زیاتر بکات، دەرئەنجام شانە ماسولکەییەکان زیاتر دەبن و راهێنانی هەوایش دەتوانێت توانای خۆڕاگری هەوایی ماسولکەکان پەرەپێبدات. بۆیە چالاکی وەرزشی دەتوانێت بە درێژایی تەمەن پشتگیری بکات لە پێکهاتەیی جەستەیی و سەلامەتی کەسەکان.

*** ماستەر لە فسیۆلۆجیای وەرزش**





به موزیک مۆندیال دەبەیتەوە

# «ئەگەر ئەڵمانەکان گوێیان لە موزیک و گۆرانی گرتبا نەدەدۆڕان»

**ئا: رەمزی میرەکانی**

توێژینەوەیەکی بەریتانی تازە بەو ئەنجامە گەیشتووە، کلیلی سەرەکی بۆ هەموو هەڵبژاردە بەشداربووەکانی مۆندیال، بۆ بردنەوەی نازناوەکە، خۆ لە یەک وشەدا دەبینێتەوە، ئەویش (موزیک)ە. توێژەران لە زانکۆی برۆنیلی بەریتانی، بۆیان دەرکەتووە، موزیک ڕۆڵێکی کارا لە سازادن و ئامادەکردنی یاریزانانی بژاردە، بۆ یاری داهاتوو، ورووژاندنی هەستی ئەرێنیان و باشترکردنی کاری بەکۆمەڵی نێوانیان دەگێرێت. توێژینەوەکە 34 یاریزانی ئەکادیمی لە پریمەرلیگ، بەدرێژایی وەرزێک تاقیکردووەتەوە، کە تەمەنیان لە نێوان 16 و 23 ساڵیدا بوو، توێژینەوەکە روونیکردووەتەوە، چۆن موزیک ڕۆڵێکی کارای لە باشترکردنی یەکڕیزی یاریزانان، وابەستەییان لەگەڵ یەکدی لەنێو یاریگە و هەست نەکردن بە تاکڕەویی باشتر کردووە، ئەوەش لە میانی بەدەنگەوەچوونی سۆز، رەفتار و مەعریفەی یاریزانان بۆ موزیک بووە.

بە گوێرەی توێژینەوەکە، یاریزانە لاوەکان بە گۆرانی وەک Post To Beی گۆرانیبێژی ئەمریکی ئۆماریۆن، Pour it upی ریهانا و Blood On The Leavesی کانیێ ویست و The Catchی دریک کاریگەر بووینە. توێژینەوەکە پێیوایە، موزیک بەشێوەیەکی زۆر ئەرێنی کاریگەری بەسەر ئاستی یاریزانان، لە ناوەوە و دەرەوەی یاریگەدا هەیە، توێژینەوەکە دەڵێت «ئەنجامدانی یارییەک بەبێ موزیک، وا لە یاریزانان دەکات هەست بکەن ئامادەنین، با زۆریش راهێنانیان کردبێت و پێش یاری خۆیان ئامادە کردبێت». توێژەران هیوای ئەوە دەخوازن، ئەنجامی توێژینەوەکەیان لەلایەن تیپی وەرزشەکانی دیکەی وەک باسکە، رەکبی و هۆکی تاقی بکرێتەوە، وەک ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی باسیکردووە، کە پێشبینی دەکات، ئەگەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا پێش یاری مەکسیک، گوێی لە گۆرانییەکانی ریهانا و درێک راگرتبایە، لێیان دەبردەوە، لە یارییەکانی کۆمەڵەی شەشەم لە قۆناخی یەکەمی مۆندیالدا.

کۆلۆمبیا لێی نابرێت!..

# بەهۆی کارتە سوورەکەی ژاپۆن دەکوژرێت

**رووداوی وەرزشی ـ Sport**

رادیۆی بلوی کۆلۆمبی، ئاشکرایکرد، کارلۆس سانچێزی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا، هەڕەشەی کوشتنی لێکرا، دوای ئەوەی لە یاری وڵاتەکەی بەرامبەر ژاپۆن، لە مۆندیالی رووسیا کارتی سووری وەرگرت، پۆلیسی کۆلۆمبیاش لێکۆڵینەوە لە راستیی هەڕەشەکە دەکات.

رادیۆیەکە ئاماژەی بەوە کردووە، بانگی چەند شارەزایەک لە تاوانەکانی ئینتەرنێت کراوە، تاوەکو بۆ دەستگیرکردنی تاوانبارەکە یارمەتیدەر بن، چونکە هەڕەشەکان لە ڕێگەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە بووە. ئەو هەڕەشانە کۆلۆمبییەکانی نیگەران کرد، چونکە رووداوەکەی کوشتنی بەرگریکاریی کۆچکردوو، ئەندریاس ئیسکۆباری بیرخستنەوە، ئەوەی لە مۆندیالی 1994، بە هەڵە گۆڵێکی لە خۆیان تۆمارکرد و بووە هۆکاری دۆڕانی تیپەکەی بەرامبەر ئەمریکا. دوای دەرچوونی کۆلۆمبیاش لە قۆناخی کۆمەڵەکان، ئیسکۆبار بە گوللە کوژرا، دوای تەنیا 5 رۆژ لە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی. کە ئەوکات زیاتر لە 100 هەزار کەس لە ناشتنی تەرمی ئیسکۆبار ئامادە بوون، دوای یەک ساڵیش تاوانبارەکە دۆزرایەوە و دادگایی کرا.


باشترین بژاردەیە

هێڵی قوتابی لە(کورەك)ەوە




KOREK Telecom

هێڵی قوتابی لە (کورەك)ەوە کە تایبەتمەندە بە سەرجەم قوتابیانی پەیمانگا و زانکۆکان. ئەم هێڵە سەرجەم خاسیەتەکانی پاشەکەوتکردن لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی قوتابیان بە ئاسانترین ڕێگا سەرکەوتوو بن.
بە کاراکردنی هێڵی قوتابی، مانگانە تەنها بە 10,000 د.ع بەشداربە و ئەم خزمەتگوزارییانە بەدەستبهێنە:
- خولەکی خۆڕایی بۆ ناو تۆڕی کورەك*
- 100 خولەك و 100 نامە بۆ تۆڕە ناوخۆییەکانی تر
- 2GB ئینتەرنێی مانگانە

بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری هێڵی قوتابی، پەیوەندی بکە بە #1*1*2*1*382*
بۆ ڕاگرتنی نوێکردنەوەی ئۆتۆماتیکی، پەیوەندی بکە بە #1*2*2*1*382*
بۆ زانینی بالانس، پەیوەندی بکە بە #3*382*

*سیاسەتی بەکارهێنانی دادپەروەرانە پەیڕەودەکرێ

چۆنیەتی تۆمارکردن:
سەردانی یەکێك لە سەنتەرە سەرەکییەکانی فرۆشی کورەك بکە و دڵنیابە لەوەی ئەم بەڵگەنامە پێویستانەی خوارەوەت لەگەڵ خۆت هێناوە:
- ناسنامەی باری شارستانی
- ناسنامەی کۆلیژ یان پەیمانگا
- پسوولەی خۆراك
- وێنەی کەسیەتی (2 دانە)

korektel.com
411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 504 )
سێشەممە 2018/6/26

KOREK Telecom



## نیوەی زیدان

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانییەکان لە ئیسپانیا، سوپرایزێکی گەورەیان ئاشکراکردو ڕایانگەیاند یانەی ریال مەدرید بە پێدانی مووچەیەکی دووئەوەندەی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا وەریدەگرت، جۆلین لۆپیتیگێی ڕازی کردووە دەست لە هەڵبژاردەی لاروخا بەربدات و ببێتە ڕاهێنەری یانەی شاهانە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە، ریال مەدرید بڕی 6 ملیۆن یۆرۆی وەک مووچەی ساڵانە بۆ لۆپیتیگێ بڕیوەتەوە، کە دووئەوەندەی ئەو مووچەیە کە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا وەریدەگرت، بەڵام هێشتا نزیکەی نیوەی ئەو مووچەیە کە زەینەدین زیدانی ڕاهێنەری پێشوو وەریدەگرت و بریتی بوو لە زیاتر لە 10 ملیۆن یۆرۆی ساڵانە

وەک سەماکەری باڵێ لەپێناو زەینەدیندا وازی لە پیشەکەی خۆی هێنا..

# هاوژینی زیدان کێیە؟

ئا: ڕووداوی وەرزشی

ڕۆژنامەی کۆنفدنسیاڵی ئیسپانی، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوەو تێیدا تیشکی خستووەتە سەر ژیانی نادیاری هاوژینەکەی زەینەدین زیدان، ڤیرۆنیک فێرناندێز، کە بەردەوام لە تیشکەکان و ژیانی بە ژاوەژاوی ئەستێرەکان دووربووەوە، ڤیرۆنیک زۆرترین کاریگەریی بەسەر کاروانی زیدانەوە هەیە.

ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت "وازهێنانی زیدان لە ڕاهێنەرایەتی ریال مەدرید، بۆ هەمووان شتێکی لەناکاو بوو، زیرۆ لە کاتێکدا ئەو بڕیارەی دا، کە گەلی ئیسپانیا چاوەڕێی دەست لەکارکێشانەوەی، ماریانۆ ڕاخۆی، سەرۆک وەزیرانی دەکرد".

ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات، زیدان دوای وازهێنانی لە یاریکردن، لە تۆپی پێ دوورکەوتەوە و چالاکی ئەو تەنیا چوونە پەیمانگەی فەرەنسی و ناوچەی ڤالدیبێباس بوو، شوێنی خوێندن و ڕاهێنانی کوڕەکانی. ریال مەدرید وەک ڕاوێژکارێکی هونەریی لە ریال مەدرید کاری دەکرد، پاشان بووە ڕاهێنەری تیپەکە.

بۆ بیرهێنانەوە زیدان ڕازی بوو ئەو ئەزموونە لەگەڵ ریال مەدرید تاقی بکاتەوە، هەرچەندە ڤیرۆنک لە سەرەتادا بە پەرۆشی مەسەلەکە نەبوو، چونکە ئەو بەردەوام بەدوای ژیانێکی ئارامدا دەگەڕێت. ڕۆژنامەکە باس لەوەش دەکات، ڤیرۆنیک فێرناندێزی هاوژینی زیدان، ژیانێکی دوور لە

> «ڤیرۆنیک بەیانیان کاژێر 7 لە خەو هەڵدەستێت و خواردن بۆ منداڵەکانی ئامادە دەکات»

جیهانی تیشک و ناوبانگیی بەسەر دەبات، ئەو هەموو کاتەکانی بۆ خێزانەکەی تەرخان کردووە.

هاوشێوەی هەموو ئافرەتێک، بەیانیان کاژێر 7 لە خەو هەڵدەستێت، منداڵەکانی دەباتە پەیمانگە یان ڕاهێنان، پاشان روو لە هۆڵی وەرزشکردن دەکات. خێزانەکەی زیدان لە ڤێلایەکی نهێنی لە گەڕەکی کۆندی ئۆرگاز لە مەدرید، نزیک پەیمانگەی فەرەنسی نیشتەجێن، ئەوەی منداڵەکانیان تێیدا دەخوێنن.

خێزانەکەی زیدان نانخواردنی ماڵەوەی لە چوونە چێشتخانەکان پێ باشترە، دراوسێیەکیان دەڵێت "ئەندامانی خێزانەکەی زیدان زۆر سادەن". ڕۆژنامەکە دەشڵێت "ڤیرۆنیک لە هەموو بۆنەکانی وەرزشی لە ئەوروپا هاوسەفەری زیدان دەبێت، ئەوەش لەنێو هاوژینی ڕاهێنەران، شتێکی باو نییە. ئەو دوو هاوبەشە سەردانی ناوچەکانی شاخاویی دەکەن، بۆ تازەکردنەوەی وزە و چێژوەرگرتن لە دیمەنی سروشتی دڵڕفێن".

ئەو خێزانە پشووی هاوین لەنێوان دورگەی ئیپیزای ئیسپانی و ناوچەی شیفیس بەسەر دەبەن، لەوێ چێژ لە جوانی دەریای گارۆشیا وەردەگرن، کە دەکەوێتە ناوچەی ئەلمیریا و تۆپی پێش دەکەن.

زەینەدین زیدان، ڕۆژی 1994/5/28 لەگەڵ ڤیرۆنیک هاوسەرگیریی کردووە. لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانیدا دەگمەنیدا، ڤیرۆنیک دەڵێت "لە یەکەم نیگاوە کەوتینە داوی خۆشەویستی یەکدی، زانیم دەبێتە پیاوی ژیانم باوکی منداڵەکانم". ڕۆژنامەکە ئەوەش دەخاتەڕوو، ماڵباتی زیدان ناچاربووە لە ناوچەی قەبائیل لە جەزائیر کۆچ بکات و رووبکاتە شاری مارسیلیای فەرەنسی، لەکاتی سەربەخۆبوونی جەزائیر لە فەرەنسا.

زیدان لە گەڕەکی لاکاستیان لەدایکبووە، کوڕی سێیەمی نێو



> «ڤیرۆنیک حەزی لە ناوبانگ و دەرکەوتن نییە، هەموو کاتەکانی بۆ خێزانەکەی تەرخانکردووە»

5 منداڵ بووە. زیدان هەر لە منداڵییەوە شەیدای تۆپی پێ بوو، کاتێکی زۆری بۆ پەرەدان بە تواناکانی خۆی تەرخان کردبوو، کە ئەمڕۆکە بووەتە ئەستێرەیەک و بە ناوبانگترین براندەکانی بازرگانی لە جیهان بۆ خۆی ڕاکێش دەکات.

کۆچکردن دیارترین شتی هاوبەشی نێون زیدان و ڤیرۆنیکە، چونکە هەردووکیان سەر بە ماڵباتی کۆچکەرن. ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوەش دەکات، ڤیرۆنیک کە لە شاری ڕۆدیز لە فەرەنسا لەدایکبووە، وەک سەماکەری باڵێ وازی لە پیشەکەی خۆی هێنا، تاوەکو بتوانێت هاوشانی زیدان بەردەوام بێت. ڤیرۆنیک دایکی چوار منداڵی کوڕە، ئینزۆ، لۆکا، تیۆ و ئیلیاس. پێدەچێت منداڵەکانی خۆشویستنی تۆپی پێیان لە باوکیانەوە بە میرات بۆ مابێتەوە، ئینزۆ زیدان لەگەڵ یانەی لۆزانی سویسری ملوانکەی زێڕی خولی سوپەری سویسرای بردەوە، لۆکا زیدان، بووەتە گۆڵپارێزی ریال مەدرید، تیۆ و ئیلیاسیش لە تیپی تەمەنەکان لە ریال مەدرید یاری دەکەن.

لە کۆتاییدا ڕۆژنامەکە دەڵێت "کوڕەکانی زیدان لە پەیمانگەی فەرەنسی لە مەدرید دەخوێنن، کە دەزگایەکی باڵایە". زیدانیش دەڵێت "ئەو پەیمانگە هەڵبژاردەی ڤیرۆنیکی هاوژینی بووە، چونکە بایەخێکی زۆر بە فێرکردنی منداڵەکانی دەدات".



# 4 کوڕەکەی زیدان بناسە

ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

لەوانەیە زینەدین زیدانی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسی، تاکە یاریزان بێت کە هەموو کوڕەکانی ڕێچکەی باوکیان بگرن، کە ئێستا 4 کوڕی هەیەو هەر چواریان یاریزانن و ئێستا لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانیان، کە باوکیان ڕاهێنەری تیپی یەکەمی ئەو یانەیە بوو، بەڵام دوای بردنەوەی 3 نازناوی چامپیۆنزلیگ بەسەریەکەوە، بەمدواییە ریزەکانی یانەی شاهانەی جێهێشت. زینەدین زیدان، بە ڕەگەز جەزائیرییە، بەڵام مێژوویەکی ئەفسانەیی بۆ تۆپی پێی فەرەنسا تۆمارکردووە، زۆر بایەخ بە کوڕەکانی دەدات بۆ ئەوەی ئەوانیش وەک ئەو ناوبانگ لە تۆپی پێ دەربکەن. پێناسەیەکی کورت بۆ هەر 4 کوڕەکەی زیدان دەکەین و تەمەن و شوێنی یاریکردنیان دیاری دەکەین:

### 1 ئینزۆ زیدان:

گەورەترین کوڕەکانی زیدانە، لە ڕۆژی 1995/3/24 لەدایکبووە، لە تیپی لاوانی ریال مەدرید یاری دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لە یارییە دۆستانەکانی ئەم هاوینەدا زیدان لەگەڵ تیپی یەکەمی ریال مەدریددا بردییە کەنەداو تەنانەت دەرەفەتی یاریکردنیشی پێدا. ئەو وەک دروستکەری یاری لە ناوەڕاستی یاریگەدا یاری دەکات. پێشبینی دەکرێت دواڕۆژێکی باشی هەبێت، تەنانەت هەر ئەمساڵ یانەی میدلزبرەی ئینگلیزی داوای گرێبەستی لێکرد، بەڵام باوکی ئینزۆ ڕازی نەبوو ئەو گرێبەستە مۆر بکرێت. بەڵام دواتر بەشێوەی خواستن چووە ریزەکانی یانەی دیپۆرتیڤۆ ئالاڤێس. چاودێران دەڵێن هەمان بەهرەی زیدانی باوکی خۆی هەیە.



### 2 لۆکا زیدان:

دووەم کوڕی زیدانە لەدوای ئینزۆ. ئەو لە ڕۆژی 1998/5/13 لەدایکبووە، وەک گۆڵپارێز یاری بۆ تیپی تازەپێگەیشتووانی ریال مەدرید دەکرد، بەڵام دواتر باوکی بانگهێشتی کرد بۆ ئەوەی وەک گۆڵپارێزی سێیەم یاری بۆ تیپی یەکەمی ریال مەدرید بکات و لە دوایین یاری لالیگای ریال مەدریددا بەرامبەر ڤیاڕیال یاری کرد. لۆکا خاوەن توانایەکی جەستەیی بەهێزەو پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا ببێتە گۆڵپارێزی سەرەکی تیپی یەکەمی ریال مەدرید.

### 3 سیۆ زیدان:

سێیەم کوڕی زیدانە. ئەو لە ڕۆژی 2002/5/18 لەدایکبووە، لەسەر هەمان ڕێچکەی باوکی و ئینزۆی برا گەورەکەی، وەک دروستکەری یاری لە ناوەڕاستی یاریگەدا یاری دەکات. لە گۆڵ تۆمارکردنیشدا بەهرەیەکی گەورەی هەیە. لە تیپی تازەپێگەیشتووانی ریال مەدریدە.

### 4 ئیلیاس زیدان:

دوایین و بچووکترین کوڕەکانی زیدانە. ئەو ڕۆژی 2005/12/26 لەدایکبووە، ئەمیشیان هەر وەک دروستکەری یاری لە هێڵی ناوەڕاستدا یاری دەکات. لە تیپی بەچکەشێرانی ریال مەدرید یاری دەکات.

> «پێشبینی دەکرێت لۆکا لە داهاتوودا ببێتە گۆڵپارێزی سەرەکی تیپی یەکەمی ریال مەدرید»





> «3 لە کوڕەکانی زیدان وەک دروستکەری یاری لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکەن»

**5.4 کیلۆگرام**

جامی جیهان، یان مۆندیال، پاڵەوانیەتییەکە هەر چوار ساڵ جارێک لەنێوان 32 وڵاتی هەموو کیشوەرەکانی دونیا ئەنجام دەدرێت و براوەی یەکەم ئەم جامە زێڕینە دەباتەوە، کە گازانیگای ئیتاڵی لە ساڵی 1974 دیزاینی کردووەو بریتییە لە 5.4 کیلۆ زێڕی ساف و هەرە باش. بەشێوەیەک دروستکراوە کە چەند یاریزانێک گۆی زەمین بەرز دەکەنەوە. بەپێی رۆژنامەی یۆ ئێس ئەی تودەی، نرخی ئەم جامە 20 ملیۆن دۆلارە و راستەوخۆ لەدوای تەواوبوونی یاری کۆتایی دەدرێتە دەست کاپتنی تیپی براوە.



# جۆرجینا مێردەکەی به وڵاتەکەی نادات

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

ئەو جوڵەیەی کچە دۆستەکەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ، خاتوو جۆرجینا رۆدریگز ئەنجامیدا ئەوکاتەی رۆناڵدۆ گۆڵی لە هەڵبژاریە مەغریب تۆمارکرد، لە راگەیاندنەکان هەرای نایەوە، هەموو لەوەیان دەپرسی، ئایا رۆناڵدۆ و جۆرجینا، بە فەرمی دەستگیرانبوونی خۆیان راگەیاندووە.

جۆرجینا لە یاری پورتوگال و مەغریب، کە دۆن بە گۆڵێک لە سەرەتای یارییەکە یەکلاییکردەوە، لە سەر پەیژەی یاریگە بە درێسی پورتوگال دەرکەوت و دەستی بەرز دەکردەوە، تاوەکو ئەڵقەکەی پەنجەی بە هاوڕێیەکی خۆی نیشان بدات، ئەوەش گەورەی نایەوەو راگەیاندنەکان ئەو پرسیارەیان کرد، ئایا ئەوە ئەڵقەی دەستگیرانیەکەیەتی لەگەڵ رۆناڵدۆ؟.

جۆرجینا لەم مۆندیالەدا پێی باشبوو هانی هەڵبژاردەی پورتوگال بدات، کە رۆناڵدۆ یاری بۆ دەکات، نەوەک وڵاتی زێدی خۆی ئەرجەنتین، کە مێسی یاری بۆ دەکات، ئەوەش لە رایگەیاندنەکانی مۆندیال هەرایەکی زۆری نایەوە، لەبەر دەرنەکەوتنی لە یارییەکانی ئەرجەنتیندا، بۆ هاندانی هەڵبژاردەی تانگۆ.

**کەوتووەتە داوی خۆشەویستی خوشکەکەی..**

# ئەسینسیۆ دەبێتە زاوای رۆدریگز

**رووداوی وەرزشی ـ AS**



خوانا ڤالنتینا، خوشکی خامیس رۆدریگز، یاریزانی کۆلۆمبی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، کە بەشێوەی خواستن یاری بۆ یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی دەکات، کەوتووەتە داوی خۆشەویستی مارکۆ ئەسینسیۆ، یاریزانی یانەی شاهانە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا.

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەڤانی لە ئیسپانیا، ئاماژە بەوە دەکەن کە لە رۆژانی رابردوودا و پێش ئەوەی مۆندیال دەستپێبکات، کە ئێستا یارییەکانی لە رووسیا بەڕێوەدەچن، پەیوەندییەک لەنێوان ڤالنتینا و ئەسینسیۆدا دروست بووە.

رۆژنامەی برنابیۆی ئیسپانی، لەو بارەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دوو گەنجە کەوتوونەتە داوی خۆشەویستی یەکدی و نووسیویەتی "لەوانەیە ئەسینسیۆ ببێتە زاوای رۆدریگز". هەرچەندە لەو بارەوە هێشتا نە ئەسینسیۆ و نە ڤالنتینا هیچ ئاماژە و روونکردنەوەیەکیان لەسەر ئەو پەیوەندییە باس نەکردووە.

خامیس رۆدریگز، لە مانگی کانوونی دووەمی رابردوودا، بە خواستن چووە ریزەکانی بایرن میونشن، یانەکەی باڤاریاش، مافی کڕینی ئەو یاریزانەی هەیە، لە ماوە گواستنەوەی ئەم هاوینەدا.



**ڕێبوار محەممەد**

# داهاتووی مۆندیال لە مەترسیدایە

لەوانەیە گۆڵی زۆر و بردنەوەی لەسەریەک و کۆتایی نەهاتنی هیچ یارییەک بەبێ گۆڵ، تا ساتی نووسینی ئەم دێڕانە لە مۆندیالی رووسیادا. چێژی بە زۆرینەی بینەران بەخشیبێت، بەڵام لە راستیدا ئەوەی تا ئێستا لە مۆندیالدا بینیومە، خەریکە بەتەواوەتی بمگەیەنێتە ئەو بڕوایەی مۆندیال لە مەترسیدایە.

مۆندیالی رووسیا دووەم گەڕی یارییەکانی لە قۆناخی کۆمەڵەکاندا بەڕێکردو هیچ یارییەکی بەخۆوە نەبینی گۆڵی تێدا تۆمار نەکرێت، ئەمە راستەو ئەوەش راستە کە ژمارەیەکی زۆری گۆڵەکان لە رێگەی تۆپی جێگیرەوە بوون، لە شێوەی لێدانی سزا و کۆڕنەر و فاوڵ، جیا لەوەش ژمارەی لێدانە سزاکانی مۆندیالی ئەمساڵ تا ئەم ساتە 16 لێدانی سزایە، کە بە هەموو مۆندیالی پێشوو هەمان ژمارە لێدانی سزای تێدا بوو.

لای من، یارییەکانی مۆندیال کۆمەڵێک خاڵی بەجێهێشتووە، خاڵەکانیش پێموایە دەمگەیەننە ئەو بڕوایەی بڵێم مۆندیال لەبەردەم مەترسیدایە. راستیت دەوێ چەندە گۆڵەکان چێژ بە بینەر دەبەخشن، ئەوەندەش گۆڵەکان ئەوە دەخەنەوە روو کە مۆندیال لە رووی تاکتیک و هونەری یاریکردنەوە هەژار و لاوازە.

شاراوە نییە کە ژمارەیەکی زۆری گۆڵەکان لە رێگەی لێدانی سزاوە تۆمارکراون، ژمارەیەکی زیاتریش لە رێگەی کۆڕنەر و فاوڵەوە، ئەمە دەریدەخات کە تۆپە جێگیرەکان کاریگەرترین چەکی مۆندیالی رووسیان و ئەو کاریگەرییەش دەیسەلمێنێ کە تاکتیک و رستەی هێرشبەرانە کەمن.

تا ئێستا ئەو هەڵبژاردانەی لە رێگەی یاریکردن و پاسات و تۆپ کۆنترۆڵکردنەوە گۆڵیان کردووە، زۆر کەم بووە، بەلجیکییەکان لە چەند هێرشێکی رێکخراودا گۆڵیان کردووە، بەڵام بەرامبەر تیپێک کە لە خولەکی 6دا لێدانی سزای لەسەر گیراوەو لە بنەماشدا هەڵبژاردەیەکی هەژارە لە رووی تاکتیک و هێزەوە.

تۆ تەماشای ئەو ساتانە بکە کە کۆڕنەری تێدا دەگیرێت بۆ تیپێک لەسەر تیپێکی دیکە. کەمجار هەیە یاریزانانی هەردوو هەڵبژاردە، واتە چ ئەوانەی دەیانەوێ گۆڵ بکەن و چ ئەوانەشی دەیانەوێ پارێزگاری لە گۆڵەکەیان بکەن، رێگە بدەن دەستبەجێ کۆڕنەرەکە جێبەجێ بکرێت، بەڵکو زۆرترین پێکدادان لە نێوان یاریزانانی هەردوولادا دروست دەبێت و زۆرجار ناوبژیوان ناچارە بێتە نێوان هەردوولاوە، ئەمە بۆ؟ بێگومان لەبەرئەوەی هەمووان دەزانن تۆپی جێگیر کاریگەرترین چەکی مۆندیالە، ئاخر هەر تیپێک لە تاکتیکدا لاواز بێت، بێگومان دەکرێ تۆپی جێگیر رزگاری بکات.

ئەگەر ئەمە وابێت، هۆکارەکە چییە؟ بێگومان خاڵی سەرەکی لێرەدا توانای جەستەییە، بۆ مۆندیال هەم ماوەی ئامادەسازی هەڵبژاردەکان زۆر کەمەو وادەکات راهێنەرەکان بە ئاسانی نەگەنە پێکهاتەی تەواو و پلانی خۆشیان دەستنیشان بکەن، هەم پێموایە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کە وایکردووە هەڵبژاردە گەورەکان بناڵێنن و بە ئاسانی بردنەوە دەستەبەر نەکەن، ئەوەیە کە یاریزانانی ئەو هەڵبژاردانە درەنگ و لە هەمانکاتدا بە ماندوویەتی دەستیان بە مەشقکرد لەگەڵ هەڵبژاردەکانیان و ئەوەش وایکرد لە یارییەکانی یەکەمیاندا بە ئاستی خراپەوە دەربکەون، یەکسانبن یان بدۆڕێن.

کەم ماوەیی لە ئامادەسازی و ماندوویەتی لە کاتی یارییەکانی سەرەتادا، وادەکات هەڵبژاردە گەورەکان ئاستیان لە لاوازەوە بۆ باش بچێت و لە قۆناخەکانی داهاتوودا ئەوان زۆر باشتر دەربکەون، بەپێچەوانەشەوە ئەو هەڵبژاردانەی بە ئاسانی سەردەکەون و یاری ئاسانیان ئەنجامداوە، ئەو یارییانە لێکتێگەیشتنی نێوان یاریزانەکانیان دوا دەخات و بردنەوەیەکی هەڵخەڵەتێنەریان دەداتێ.

هەموو ئەوانە ئەو راستییانەن کە دەمگەیەنێتە ئەو بڕوایەی، داهاتووی مۆندیال لە مەترسیدایەو تا دێش یانەکان هەموو هێز و توانا و بیرکردنەوەی یاریزانەکانیان، لە وەرزێکی درێژدا لە خزمەتی خۆیاندا بەکاردەهێنن و یاریزانێکی ستۆک لە رووی مێشک، توانای جەستەیی و تێگەیشتنەوە دەدەنە دەست هەڵبژاردەکانیان.

**پێشبڕکێی**





به کورتترین و جوانترین کۆمێنت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555

براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو: شیفا محەممەد لە سلێمانی

بە کۆمێنتی: ( خێرا بڕۆ دەرەوە.. دەی تۆش سەیریکەرەوە)


KOREK Telecom

# ڕاستەوخۆ ئاگاداری ڕووداوەکانی جامی جیهانی 2018 بە!
# ئێستا ئەپلێکەیشنی کاپتن کورەك دابەزێنە بۆ وەرگرتنی ماوەی تاقیکاری بەخۆڕایی!



ئەپلێکەیشنێکە، تایبەتە بە هەوادارانی تۆپی پێ. ڕاستەوخۆ نوێترین هەواڵی جامی جیهانی 2018 و تیپی دڵخوازت و ئەنجامی یارییەکانت پێ دەگەیەنێ، وەك ئەوەیە بۆ خۆت لەناو یاریگابیت. بەتەنها لە (کورەك)ەوە، ئەپلێکەیشنی ناوازەی وەرزشی کاپتن کورەك.

- ئەپلێکەیشنەکە زۆر بەئاسانی لە ڕێی PlayStore و AppStore دابەزێنە، یان ژمارە 1 بنێرە بۆ 388 یاخود پەیوەندی بکە بە 388.
- ڕاستەوخۆ نوێترین هەواڵ، گۆڵ، وێنە، و ئەنجامەکان بە سێ زمان وەربگرە و ئاگاداری یارییەکان ببە.
- نرخی بەشداریکردن، هەفتانە 600 دینارە .

Captain KOREK

Available on the App Store

ANDROID APP ON Google play

korektel.com

411



RÛDAW
www.rudaw.net

(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەرێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ئاکار جەلیل

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

رووداو هەمووممان گەنجتر دەکاتەوە